www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:32 6-2-2007

# گەنج و خوێندن و سیاسەت ... خۆشەویستی و درۆ و خیانەت ... .. توانا عمر



گەنج توێژێکە یاخود بڵێین ئەو مرۆڤانەن کە لە هەر کۆمەڵگایە و بە شێوازێك لە شێوازەکان تەفسیری بۆ دەکرێت، گەر بمانەوێ باس لە گەنجی کورد بکەین دەبێ بڵێن گەنج ئەو مرۆڤەیە کە بەناو هەیە، ئەو مرۆڤەیە کە لە تەمەنی 25 ساڵیەوە پێی دەڵێن گەنج لە کاتێکدا ئەو گەنجە تەنها جەستەی گەنجە کەچی سەیرێکی ناوەڕۆکیشی ناکەن چەند پیرە، لە هەندێك کۆمەڵگا گەنج لە تەمەنی 10 ساڵان و 12 ساڵانەوە پێی دەڵێن گەنج لەکاتێکدا گەنجێکی کامڵ و ئەقڵ گەورە و تەمەن بچووکە، کەچی تا ئێستا ئێمەش بیرمان لەوە نەکردۆتەوە ئەقڵمان گەورە بکەین، تەنها بیر لەوە دەکەینەوە چۆن خۆمان لە کەسێك گەورەتر بزانین، خوێندن و پەروەردە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە لە قۆناغی یەکەمەوە تا دوا قۆناغ دەیبری بە پەروەردەیەکی سەقەت و نا مۆدێرنەوە دەیبرین هەر بۆیەش تا ئێستا خوێندکاریچکمان نەبینی دوای خوێندن داهێنانی پێبێت و سەری کورد بەرزتر بکاتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵ بوون بە سیاسەت یاخود ماوەیەك مۆدێلی ئەوە هەبوو کە کەسێك خوێندنی تەواو بکردایە ئەبوو بە تەزکیەی حزبی دابمەزرێت، هەر لە کۆنەوە خوێندن لە وولاتی ئێمە توند و تیژی بووە، مەبەستم ئەوەیە خوێندکارێکی داماو بێ ئەدەبیەکی بکردایە بە دارێکی گەورە ماموستاکە لێی ئەدا و بەر شەقی ئەدا! کەچی کە ئەو خوێندکارەش خوێندن تەواو ئەکات و ئەبێ بە ماموستا هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە و پەروەردەی فێرکردنی لێدان و سوك کردنە، هەر بۆیە ئەم جۆرە پەروەردەیە گەشە ئەکات هەتا ئەو کاتەی هەموو مرۆڤەکان دڕندە ئەبن ... .. هەموومان ئەوە باش دەزانین خۆشەویستی چۆن تەفسیر دەکرێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا، حەز ئەکەم تۆزێك لەسەر خۆشەویستیش بدوێم، هەر لە کۆنەوە خۆشەویستی هەبووە و هە دەش بێت، بەڵام چۆن؟! لە ساڵە ڕابردووە کۆنەکانەوە لە مێژوویەکی وەك ئێمەدا خۆشەویستی کراوەتە قوربانی فیشەکی هەندێك دڕندە و چەندین قوربانی دراوە لەسەری ئەمەش هەموومان ئەزانین کێبوونە کەسە کۆنەکان وەك (مەم و زین) کە کەسانێکی وەك بەکر مەرگەوەری پیس ئەو کاتە لێکی کردوون و بووەتە دڕك لەنێوانی ئەو خۆشەویستییە و ئەو جۆرە کەسانەش هەر لە کۆنەوە گەشایان کردووە و ئێستاش هەن و هەر دەبن، دیارە کەممان هەین کە ڕۆژانە نەبیستین لە هەواڵێکی دڵتەزێن فلان کچ سووتا فلان کوڕ خۆی کوشت، تا ئێستا نەمان پرسیوە و نەهاتووینە قسە لەسەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە و ئەو دەمانەمان کوت نەکردوون کە ئەیانەوێ ببنەوە بەکر مەرگەوەڕ، دیارە خۆشەویستی تەنها ئەوە نییە کە بەرامبەر کچێك هەمان بێت، خۆشەویستی بۆ دایك، خۆشەویستی بۆ نیشتیمان، خۆشەویستی بۆ هاوڕێ ... بەڵام بەداخەوە خۆشەویستی هەمیشە بۆ هەموو شتێك سەبەبێك هەبووە بۆ لەناو بردنی، ئەوەتا کەسانێك خۆشەویستیان بۆ نیشتیمان بۆ هاوڕێ ... نەماوە کەچی ئەم سەبەبە هەبووە و هە دەبێت، درۆ کردن وابزانم ئەویش بە تەواوی گەشەی سەندووە و خەریکە زیاتریش گەشە دەسێنێت، سەیرە کاتێك مرۆڤێك ئەیەوێ ڕاستیەك بڵێ بەڵام لەگەڵ ئەوەی ڕاستی ووتوە گوێمان لە درۆیەکیش دەبێت!!!!! کاتێك درۆ هەبێت خۆشەویستی و خوێندن و سیاسەت و خیانەتیش دەبێت! بەڵام بۆ دەبێ وا فێر نەکرێین کە درۆ نەکەین؟ هەندێك جار کە بیر لە هەندێك شت بکەینەوە دەبینین لەناو پەروەردەیەکی سەقەتدا دەژین کە هەر ئەمە دەبێتە هۆ بۆ فێر کردنی درۆ، یاخود بڵێین درۆ کردن لەگەڵ خۆمان مەبەستم ئەوەیە کاتێك بڕیارێك دەدەین دواتر خاوەنی ئەو بڕیارە نین و درۆ لەگەڵ خۆمان دەکەین، هەندێك جاریش بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

درۆ لە دایك دەبین، ئەمەش هەبووە و هەر دەبێت. ووشەی خیانەت لە ناو هەر چین و توێژێك یاخود لەگەڵ هەر مەرامێك کە مەبەستتە خیانەتی پێ بکەیت ئەوە شتێکی زۆر سەقەتەو نا مرۆڤییە، کاتێك مرۆڤێکی نێر یاخود بڵێین پیاوێك خیانەت لە ژنەکەی دەکات کە ژنی هەیە و بەوەش ڕاناوەستێ و دەچێ لەگەڵ ئافرەتی تردا مومارەسەی سێکسی دەکات و کۆمەڵێك تایبەت مەندی حۆی لەدەست دەدات، بەڵام کاتێك ژنەکەی بەوە دەزانێت زۆر بە سەربەرزیەوە شانازی بەو خیانەتەی دەکات، کەچی کە ژنەکەی خیانەتێکی وەهای لەگەڵ بکات یەکسەر خنکاندن یاخود کوشتن یاخود دەمانچەکەی ئامادەیە بۆ کوشتنی، خیانەتیش هۆیەکە بۆ جیاواز کردنی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگای ئێمە، خیانەت ووشەیەکی ناحەز و ناشرینە بەڵام لای هەندێك لە پیاوان زۆر جوانە، کەچی هەر لە کۆنەوە مرۆڤەکان جیاواز بوونە لە کۆمەڵگای ئێمە تا ئێستاش، مەبەستم پیاو خۆی بە زلتر ئەزانێ لە ژن، ئازادیەکان زیاتر لەدەستی پیاودان نەوەك ژن لە کاتێکدا ئەویش مرۆڤە وەك ئەو، تا ئێستاش نەمان پرسیوە بۆ؟ خۆ ئەگەر بپرسین بۆ ئەوا لەوانەیە وەڵامەکەی ئەوەبێت لەدەست دانی شەڕەف!!! تۆ بڵێی ئەم قسەیە ڕاست بێت؟ ئایا ئەمە نابێتە هۆیەك گەر ئافرەتەکە بێ ئەوەی پیاوەکەش ئاگای لێبێت کای خۆی بکات؟ ئێ خۆ ئەگەر ئافرەت ئەوەی مەبەستی بێت سەد جار چاودێریشی بکەی ئەی کات ئێتر بۆ ئازادی نادەیتێ بۆ ئەوەی تووشی هەندێك کاری لەو جۆرە نەیەت؟ وابزانم لە ناوەڕۆکی بابەتەکە لام دا بەڵام وشەی خیانەت ناچاری کردم ئەم قسەیە بکەم، گەنج و خوێندن و سیاسەت ئەمڕۆ گەنج لەناو ئەو دوو ووشەیەدا خەریکە بە تەواوی گەنجان تێکەڵ بکەن بەو دوو ووشەیە، یاخود خۆشەویستی و درۆ و خیانەت، ئەمەش بە هەمان شێوە کە ڕاستیەکە و ئەبێ بیلێیین هەر لەوەتەی ژیان هەیە ووشەی خۆشەویستی خیانەت و درۆشی تیا بووە، بۆیە ئێمە کاتێك حەز بە بوونمان دەکەین یاخود بمانەوێ بژین با لەوە جوانتر بژین کە ئێستا بەم شێوەیە با لەوە جوانتر بێت، چیتر جوانیەکانی ژیان نەکەینە قوربانی خیانەت و درۆ و پارە و ... ژیان تەنها بریتی نییە لە ڕاکە ڕاك بۆ پارە پەیدا کردن و تەنها بیر کردنەوە لەوەی کە شەوانە چوینەوە بۆ ماڵەوە دڵمان زۆر خێرا لێبدا و ئەقڵ و هۆشمان تەنها بۆ پارە بێت خۆ پارەش گرنگە بۆ مرۆڤ بەڵام بەم شێوە ڕاکە ڕاکە نا با هەموومان بیر لەوە بکەینەوە جوانتر بژین و هەموو شتە ناشرینەکان وەلا بنێین ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.